# دادگایی نەكردنی تاوانبار و جاشگەلی كورد دادگای كردنی زمانی كوردییە

هەندرێن

ئەگەر بەسوكەڵە ڕامانێك ئاوڕ لەڕابردووی نزیكی بڵاوكراوەكانی كوردستان بدەینەوە دەبینین، كە هەر لەدوای ڕوخانی ڕژێمی فاشی بەعسییەوە، هەرماوەیەك دیاردەیەك یان ئاستەنگێكی سیاسیو جڤاكی سەردێری ڕاگەیاندنە كوردیەكانو سەرزاری كوردان دەتەنێتەوە، لێ پاش ماوەیەكی كورت، بەبێ ئەوەی ئەو دیاردە و ئاستەنگانە گۆڕانێكیان بەسەردا بێ یان چارەسەرییەكیان بۆ بكرێ یانیش ئاكامگیرییەكیان لێوە دەستەبەر بكرێ، وەك ئاردی ناو درك خاكەسار دەبن، لێرەدا نامانەوێ كۆی ئەو دیاردانە بەیادی خوێنەران بهێنینەوە، بەڵام یەكێك لەو دیاردانەی كە هەر دەستپێكردنی دادگای كردنی سەددامو دەستو پێوەندەكانی، پانتای ڕۆژنامەو ژیانی كوردی تەنییەوە، كە بەجۆرێك لە جۆرەكان هەتا ئێستاش نەبڕاوەتەوە، داواخوازی دادگای كردنی ئەو سەرۆك جاش و تاوانبارانەبوو، كەوەك هەڵەپاسو سیخوڕەكانی سەر بەڕژێمی بەعسی فاشی لە پرۆسەی ئەنفالو ئازاردانی كورد بەشدارییان كردبوو، هاوكاتیش لەبەرئەوەی بەشێكی زۆر لەو هەڵەپاسو سیخوڕانەی كورد هەم لەناو ئەو حیزبە فەرمان ڕەوایانەو، هەمیش لەو حوكمەتەدا ئامادەییان هەیە، بۆیە ئەو داخوازییەی كۆڕو كۆمەڵی كوردی بۆ دادگای كردنی ئەوتاوانبارانە، هەر لە ئاستی نوسیندا نەمایەوە، بەڵكو گەیشتە ئاستی كەمپین و واژو كۆكردنەوەش.

جێگەی سەرنجە، كاتێك بە پشتیوانی ڕژێمی ئێستای ئەمەریكاوە دیكتاتۆرێكی وەك سەدام هوڵدەواسرێ، كەوەك نەخۆشیەكی مازۆخی، بە هاوكاری ئەو هەڵەپاس و تاوانبارە كوردانەوە، هەوڵیدا بە دڕندانەترین شێوە كورد لەناو بەرێت، كەچی حیزبە خۆ بە دەم ڕاسترانەكانی كوردستان، نەك هەر لە هەستی بەرپرسیارییەوە، ئامادە نییە ئەو كوردە تاوانبارانە دادگای بكات، بەڵكو وەك پێشمەرگەی دێرین، پیاوی پەرلەمان و

مەنسوڵی باڵای حیزبەکانیان پایەیان پێدەبەخشی، لێرەوە، مرۆ لەبەردەم پرسیارێکە کە زمانەکەی، پێکهاتەکەی ناتوانێ بەرسڤی بداتەوە، کەواتە، وەك زۆرجار وتومانە، زمانی کوردی لەوە بەدەرە، کە لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئامانجێك، پێناسە کردنی گوتارێکی نەتەوایەتیانەوە بتوانێ ڕێگایەك بگرێتە بەر. بەمجۆرە یادەوەری کوردی، وەك شوێنێ کاتێك لە نمایشکردنی مێژوو و پێشهاتەکانی، دەستەوەستانە لەوەی کە ئازار، گەمارۆ دان و قەتیسمانەکەی، بەگۆ بێنێ و ئاوەڵا بکاتەوە.

دەبا ئەوەش ڕابگەینم، کە من لەمەڕ بابەتێکی لەم تەرزەوە دەدوێم، لە چاوەڕوانی ئەوەشدا نیم کە ئەو حیزبانە، یان بۆ ئەوەی دڵمان خۆشبکەین حوکوومەتی کوردی ئەو سەرۆك جاش تاوانبارانە دادگایی بکا، بەڵکو ئەوەی کە هانی دام زمان بدوێنم، پەیڤ و قسەکانی بەشێك لەو سەرۆك جاش و تاوانبارانە بوو، کەوەك جاران، لەپاڵ حیزبە باڵا دەستەکانی کوردیدا، نەك هەر پاساو یان پەشیمانی لەخۆ فرۆشتنیان ڕاناگەیەنن، بەڵکو خۆیان بەکورد پارێزی، ئابڕوومەندو پاڵاوەنیش نمایش دەکەن، بەمجۆرە بەڕای ئەو هەڵپاس و خۆفرۆشانەوە، ئەوە ئەوانن کە ئەو بەشە کوردەی کە ئەمڕۆ دەژین، لەدەست ڕژێمی سەددامدا ڕزگار کردووە، نەك بەرخودان و بەرەنگار بونەوەی کورد بە دژی ڕژێمی فاشی بەعسی و جاشگەلەکەی. لێرەوە لەدوای ئەو گاڵتە جاڕییەی ئەمڕۆ، کە ئەو هەڵپاسو توانبارانەو لە ژێر سایەی حیزبی کوردییەوە بە کوردی دەفرۆشن، بۆ منێك کە هەموو ژیانی لاوێتی بە پێشمەرگایەتی بە هەدەردا ئەو ڕژێمەش بە چاوساغی ئەو هەڵە پاسانەی ڕژێم دووجار دایکمیان شاربەدەر کرد بۆ ئەوەی من لە پێشمەرگایەتییەوە بهێنێتەوە بۆ بن دەستی خۆی و جاشگەلی کوردییەوە، هەستم کرد بێ دەنگبون مایەی پەژارییە .. لەوەش خەمگینتر، کاتێك ڕژێم لە ڕێگای ئەو جاش و هەڵپاسانەوە، لە ساڵانی ١٩٨٥و ١٩٨٦ دا، دایکمیان لە دۆڵی سماقوڵی و بالیسان بە دوا هێنانەوەی مندا هەڵەتە کرد، لەبەر شەڕی براکوژییەوە من لەدەڤەرێکی دوورە دەست بووم. لەوەشگەڕێن، کە من لەهەشت ساڵی پێشمەرگایەتیدا، سەدان جار وەك قەدەرێکی خێرمەندانە، لە هێرش، بۆسە، شەڕی رووبەروو....هتد، بەدەستی ئەو جاشگەلەوە نەکوژراوم، لێرەدا بە پێویستی نازانم ئەو شەڕو بۆسانەی لەگەڵ ئەو جاشانەدا تووشیان بووم بگێڕمەوە چونکە ئەو جاشگەلە، بەدەر لەتانك و تۆپی ڕژێمی بەعسی، سەرەکیترین پێشمەرگە کوژو

ئەنفالچی کوردبوون. هەربۆیە وەك گوتمان، لێرەدا ئێمە لەڕێگای زمانەوە لە هەوڵی ئەوەداین یادەوەری چیاکان، یان هەر نا بەو نوسینە دڵی دایکمان ئاشت بکەینەوە.

لێ ئەگەر بۆ مشت وماڵکردنی یادەوەری زمان یان مێژووی کوردیش بێت، دەکرێت لێرەدا کەمێك باسی ئەو هۆکرد و لەمپەرانە بکەین، کەواتە، چما ئەو حیزب و حکومەتەی کوردی لە خەمی ئەوەدا نییە، یان لە خۆیان رانابینن، ئەو سەرۆك جاش و تاوانبارانەی ، کەدەستیان بە ئەنفالکردنی کورد سوور بووە، دادگایی بکەن؟ هاوکاتیش ئەی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوو رێکخراوە مەدەنییەکان لەو ئەرکەیاندا خەمساردن؟

لە پێشڕا گەرەکمە ئاماژە بەوە بکەم، دەکرێت لە روانگە گەلی جوداوە ئەو ئاستەنگانە راڤە بکەین، چونکە لە لایەکەوە، ئەوە پانزە ساڵ زیاترە کوردستان بە دەست دەسەڵاتی حیزبی کوردییەوەیە، کەچی هەتا ئەمڕۆش ئەو دوو زلحیزبە راشکاوانە بە خەڵکیان نەوتووە هۆیەکەی چییە ئەوان، نەکە هەر ئەو جاش و تاوانبارە کوردانەیان دادگایی نەکردووە، بەڵکو بۆچی وەك جاران لەو بەناو حکومەتی کوردییەدا پۆست و پایەی باڵایان بەو جاشانە بەخشیوە و رێزیشیان لە بەشێکی زۆری خەڵکی خەباتکار زیاترە، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر ئەو حکومەتە کوردییە بە خۆی و ئەو جاشو تاوانبارانەی ، کە بۆ کوردگەلێکەوە مایەی نیگەرانییە، بەلایەوە بەرپرسیارییەکی نەتەوایەتی نەبێت، ئەی چۆن خەڵك متمانەی بەو حکومەتە داوە، دواجاریش، باشە بۆ هەتا ئەمڕۆ، کەدادگایی کردنی سەدام و پێڕەکەی دەستی پێنەکردبوو، خەڵکان لەو خەوە قوڵە بێدار نەبوونەوە؟ بە هەمە حاڵ لە کاتێکدا کە ئەو بابەتە لە گۆڕێدایە ، کەچی، کەم تازۆر، لێکدانەوەیەك لەسەر ئەو پرسیارگەلە لە گۆڕێدا نییە. کەواتە خود ئەو نائاگای و خەمساردییە بە خودی ئەو پێکهاتە لێکناکۆكو رەوانبێژییە کوردییە لەرزۆکەوە گرێدراوە، کە قەتیس مانی ئەو پێکهاتە لە ئاستی سیاسی و ئێتیکی کوردیدا لە مەتەڵ دەچێت. هەرچۆنێك بێت لێرەدا دەبێت بێژین، رەنگە حکومەتی کوردی یان ئەو زل حیزبە لەبەر دوو هۆکردی سەرەکی ئەو کارە نەکەن.

یەکەمیان وەك دەزانین لە ئاستی فەرمیدا بیانووی ئەو حکومەتە ئەوەیە کە لە دوای راپەرین بەرەی کوردستانی ، بەهۆی هاوکاری کردنی بەشێك لەو جاش و تاوانبارانەی لە خەڵکی راپەڕیوی کوردی کوردستان لە ۱۹۹۱ و دواجاریش، لە گۆشە نیگای ئەخلاقی سیاسی کوردییەوە کەئەوەی چوو چوو، بە کۆی رەزامەندی حیزبە کوردییەکانی سەر

بەو بەرە ناوبراوە، لە تاوانەکانی ئەو سەرۆک جاش و تاوانبارانە خۆش بوون، دووەمیشیان لە کاتی شەڕی خۆکوژی نێوان ئەو دوو حیزبەوە ، کە هەریەکێك لەمانە دەیانویست یەکتر قڕ بکەن بۆیە پێویستیان بەشەڕکەری باش هەبوو، ئەو جاش و تاوانبارانەش لەبارترین هیز بوون کە ئەو شەرە پەرە پێبدەن، کە پێی دەڵێن حکومەتی کوردی. هەموو دەزانین هەر لەکاتی حکومەتی دیکتاتۆری سەدامەوە، ئەو جاشانە ، بە مەبەستی جوداو پاراستنی بەرژەوەندییەوە بەسەر ئەو حیزبانەوە دابەش بووبوون، بۆیە کە سەدام لە کوردستان نەما شەڕی حیزبی کوردی دەستی پێکرد، هەر ئەو جاشانە سەرەکیترین رۆڵیان هەبوو لە تەشەنە کردنی ئاگری ئەو شەڕە وێرانکارە. هەروەك ئێستاش باشترین سەرچاوەی گەندەڵاترین کۆمەڵگای کوردستانە.

هەوکاتیش دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین، کە ئەمڕۆ ئەو جاشانە بە لای ئەو دوو زلحیزب و بچوکانەوە زۆر گرینگن، چونکە کۆمەڵگای کوردی بریتییە لە کۆمەڵگایەکی وابەستەی خێڵ و دەستە گەرایی.

ئەو حیزبانە وەك وابەستەیەك بەو پێکهاتەوە، لە کاتی هەڵبژاردن و هیز لە خۆکۆکردنەوە، پێویستیان بەو جاشانە هەیە، کە خاوەن هێزێکی وابەستەی زۆرن بەم جۆرە دادگایکردنی ئەوانە دەبێتە دوورکەوتنەوەی بەشێك لەو خیڵ و دەستگەراییەی کە هێزێکی کارایە لە کۆمەڵگای کوردیدا. چۆن داوایان لێبکەین بەشێکی سەرەکی پێکهاتەکەیان دادگایی بکەن ؟.!

وێڕای ئەمەش، لەو دۆخەی کەکوردستانو عێراق بگرە جیهانیش بەخۆیەوە دەیبینێ، هێزێکی دڕندە هەڕەشە لە ژیانی ئاشی کۆمەڵگایەکان دەکا، بۆ حکومەتێکی هەڕەشە لێکراو لەرووی دەرەکی و لە ناوەکیش داهێنراو بە گەندەڵی و تەڵەکە بازی، لە سازش و چاوپۆشی لەو جاشانە چیدیکەی بۆنەماوەتەوە، دواجاریش بە هۆی ئەو ژیانە بازاڕێنراوەی کوردستان، ئیدی پێوانەکانی رۆژگاری رابردوو کەخەباتگێڕیو کوردایەتی تێدا بەرهەمهێنەربوو، بەسەرچوو.

لێرەوە ئەو جاش وتاوانبارانەی کەئێمە لەپێوانەیەکی نەتەوایەتییەوە، پێمانوایە دەبێت ئەو حکومەتە دادگاییان بکات، مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، چونکەبە بڕوای من، ئەمڕۆ لەکوردستانو لەکن ئەو حیزبانە یان ئەو حکومەتەدا شتێك بەناوی پێوانەیەکی ئێتیکی نەتەوایەتی، پێوانەی شۆڕشگێڕی یان جاشو پێشمەرگە، ئەگەر پێشتریش ئەو پێوانکاریانە هەبووبێت نەماوەتەوە.

چونكە ئەوانەی كە كورد گەلێك بە جاش و تاوانبار ناودێریان دەكەن، كەچی لای ئەو دوو زل حیزبەو ئەوانی دیكەش، دڵسۆزی حیزب و حیزبپارێزی سەرەكین. لێرەوە ئێمە كاتێك لەدڵەوە دەستو پەنجەمان بەدادگایكردنی ئەو جاش وتاوانبارانە نەرم دەكەینەوە یان لە ئاراستەیەكین تەواو بە پێچەوانەی رەوتی سیاسی ئەو حكومەتەیە، یانیش لە خەیاڵاندنێكی كوردانەی سافیلكانەدا دەژین لەو دیدەوە، ئەو حكومەتە بۆیە ئەو جاشوتاوانبارانە دادگایی ناكات، چونكە ئەوان خۆیان كۆڵەكە گەلێكی بنەرەتی ئەو حكومەتەن. كەواتە ئەگەر حكومەتێك دوو حیزب پێكهێنەری بێت، كە بەشێكی زۆری ئەو جاشانە باڵادەستی بن ، چۆن و كی دادگاییان بكات؟!

لەكۆتایدا ماوەتەوە بڵێم، ئەمڕۆ ئەو جاشو تاوانبارانە نین كەناوەرۆكی ئەو حكومەتە كوردییەیان خەوشدارو گەندەڵ كردووە، بەڵكو كێشەكە لەوەدایە كەخودی پێكهاتوو میكانیزمەكانی ئەو حكومەتە توشی ئەخلاقیەتی ئەو جاشو تاوانبارانە بووە، واتا ئەو حكومەتە هەڵگری دەردێكە، ئەو وستگەرایە شۆرشگێرانەی لەدەست داوە، كە رۆژگارێك، توێژێك لەو حیزبانەی كەهەڵگری بووە، بەدیوێكی دیكەشەوە، بەشێك لە هۆكردی تۆمار نەكردنی سكاڵای دادگایی كردنی ئەو سەرۆكجاشو تاوانبارانە لەلایەن زیندووەكانی دوای ئەنفال یان كەسوكاری ئەنفالكراوەكان، بۆ ئەو ئاستەنگو هۆكردانەوە، دەگەڕێنەوە. چونكە ئەو كارو رەفتارەی كە ئەو حكومەتە لە بەرامبەر كێشە كۆمەلایەتیو نەتەوایەتییەكان نیشانی داوە، ئیدی لەئەنفال رزگاربووەكانیش ناچار بوونە ریگای فەرامۆشكردنو بیركردنەوە لەپاراستنی ژیانی خۆیان هەڵببژێرن. وێڕای ئەمەش، دوای راپەڕین كۆسكەوتووەكانی بەر ئەنفال بەتایبەتیو گەلی كوردیش بەگشتی بیبەری بوونە لەهەستی بەرپرسیارێتیو وەفاداری. چونكە دەبوو رزگاربوانی بەر ئەنفال هەر لەسەرەتاییەكانی راپەڕینەوە بەویستێكی گەرمەوە خۆیان لەرێكخراوێكی تۆكمەدا كۆكردبایەوە، بەمەش بەكۆهێزێك سكاڵا لەسەر ئەو جاشو هەڵپاسانە تۆماربكەن، كە لەتەفرو توناكردنی كەسوكارەكانیاندا بەشدارییان كردووەو حكومەتی كوردیش ناچار بكەن ئەوانە داڵدە نەدات. هاوكاتیش هۆكاری تۆمارنەكردنی سكاڵا لەسەر ئەو جاشو تاوانبارانەی كەئەمڕۆ لەو حكومەتە كوردییەدا، ژیانیان لەژیانو پایەی ئاوارەكانی كەركوك، كەسوكاری ئەنفالكراوو بەشێك لەپێشمەرگەكان باشترە. لەوەش زیاتر، ئەو هەڵەپاسوجاشانەی كە لەرۆژگاری سەدامدا كوردیان دەفرۆشت، هەروا ئەو بەناو

پێشمەرگانەی کە پاڵەوانی شەڕی کورد کوژی بوون، ئەمڕۆش هەر ئەوان بەرهەمی ئەنفالکراوان دەخۆن، بەدیوێکی تریشەوە، دادگایی نەکردنی ئەو جاش‌و خۆفرۆشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی لاوازی هۆشیاری و نەتەوایەتی رۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی. هەر بۆیە، کە ئەوەی من ئەمڕۆ لە ژێر سایەی ئەو حکومەتە کوردییەدا دەیبینم، ئەگەر لە هەرکۆمەڵگایەکی دیکەی هۆشیاری جیهاندا کە ئەوەی کە مێگەلێك لە جاش و هەڵەپاسی کوردی لەگەڵ رژێمێك کە بکوژی نەتەوەکەی خۆی بووە، کەچی ئێستا لە سایەی حکومەتێکی کوردیدا نەك هەر سزا بدرێن، بەڵکو پانتایەکییەکی فرەی ناخی ئەو حکومەتە پێك بهێنن، ئاوها بێدەنگی لێبکرابایە. وەك دەزانین ئەو بەرپرس گەلە کۆنە جاش‌و هەڵە پاسانەی کە بەرپرسیاری سەرەکین بەرامبەر ئاوارەکانی گەرمیان، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، مافی هاوڵاتییان، کەچی ئەو حکومەتە نەك هەر سزایان نادات، بەڵکو دەسەڵاتیان بەرز دەکاتەوە.

وێرای ئەمەش ، من پێم وایە، ئەمڕۆ لەو دۆخە ئاڵۆزەی کوردستاندا، کە خەڵکان بە گشتی و رزگاربووانی بەر ئەنفالەکانیش بەتایبەتی بە دەست کێشەی نیشتە جێبوون ، ناداتپەروەری ، بژێوی ژیان و....هتد دەتلێنەوە، بۆیە دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەرەخساوە کە بپرژێنەسەر ئەرکێکی وا سەخت، چونکە ئەو حکومەتە نە ئەو زەمینە ئاگاییەی بۆ ئەو خەڵکە کۆستکەوتووانە رەخساندووە، کە ئەو کۆستکەوتوانەی بەر ئەنفال داوای سزادانی ئەو تاوانبارانە بکەن و نەئەو رێکخراو کۆڕو کۆمەڵانەش، کە زار قەڵەباڵغ و بێکردەن، لە خەمی ئەوەدابوونە هانی ئەوانە بدەن بۆ مافی خۆیان هەستن، کە سکاڵا لەسەر ئەو سەرۆك جاش‌و هەڵە پاسانە تۆمار بکەن، کە بەشداربوونە لە قڕکردنی بنەماڵەکانیان .

لەوەش زیاتر ، لەکوردستاندا تاکو ئێستاش قانوون و دادگایەکان ، وێرای ئەوەی کە بەشێکی ئەوانە هی رژێمی سەدامن لە دیکۆرو شوێنێك، بۆ گەندەڵی زیاتر هیچی تر نەبووە، بۆیە رزگاربووانی بەر ئەنفال، لەترسی دەسەڵاتی ئەو جاشە کورد کوژانەوە لە خۆیان رانەدیتووە بەو کارە هەستن. بەبڕوای من، دیاردەی ئیفلیجی سیستەمی پەروەردەیی و چەکداری خەڵکانێکی زۆرو خودی بەشێکی زۆری ئەو جاشانە لە سێبەری پارتی و یەکێتیدا، واتا کارایی پێکهاتەی جاش، ئامیزی ئەو حیزب و حکومەتەرێگرێکی سەرەکی بووە لەبەردەم تۆمار نەکردنی سکاڵا لە لایەن قوربانییەکانی ئەنفالەوە. چونکە

کاتێك کۆمەڵگا هەستی کرد کە دادگا لە لایەن حیزبەوە داگیر کراوەو سیستەمی دادپەروەری‌و ئاسایشی خەڵك ناپارێزرێ، ئیدی کۆی ئەو کۆمەڵگایە لە ئەرك و مافەکانیدا بێبەری دەبن. لە کۆتایدا رەنگە گرینگ بێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمڕۆ دیاردەی بەرژەوەندی مادی بۆتە پەتایەکی ترسناك، لەبۆیە رەنگە ئەو حکومەتە لە رێگەی قەرەبوکردنەوەی مادییەوە ئەو خەڵکەی توشی ئەو خەمساردییە کردبێت، کەسکالا تۆمارکردن لەسەر ئەو تاوانبارانە بە ئەرکی خۆیان نەزانن. دواجاریش کە بەرپرسیاری نەتەوایەتی لە ئاوا بووندابێت، ویژدانی چاکەو خراپە بوون بەیەك .... ئیتر میژوو یادەوەری کۆمەڵ دەبێتە گاڵتەجاڕی. ئەمڕۆش ئەو دەردە کوشەندەیەبۆتە ئەخلاقێکی بالادەست و رەوا کارانە لە کن خودی ئەو حکومەتە کوردییەی ، کە بەتەماین ئەو جاش و هەڵەپاسانە ، کە کۆڵەکەی دەسەلاتەکەیەتی دادگایی بکا!.